## هەڵوێستنامەی ( یەکێتی قوتابیانی کوردستان )
## سەبارەت بەهەڕەشەکانی تورکیا

**قوتابیانی سەرەڕەم ...**

**مامۆستایانی دڵسۆز...**

**جەماوەری خاوەن هەڵوێست ...**

سەرەڕای پەرەسەندنە سیاسی ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی باشوری کوردستان ، وەك پارچەیەکی ئازادی نیشتمانی نەتەوەی زوڵملێکراوی کورد، هەرجارەی بەپاساو بیانوی جۆراو جۆرەوە ، لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە رووبەڕووی گوشار و هەڕەشە دەبینەوە ، ئەمە لەکاتێکدایەکە هەریەك لەو وڵاتانە پارچەیەکی نیشتمانی کوردیان داگیر کردووە و رۆژانە رۆڵەکانی کورد بەدەستی ئەو رژێمە سەرکوتکەرانە ئەشکەنجەو تیرۆری فکری و جەستەیی دەکرێن ، بەوەشەوە نەوەستاون، بەڵکو تورکیای هاوسنوری کوردستان، چەند رۆژێکە هێزەکانی لەسەر سنور مۆڵداوە ، بەو نیازەی لەشکرکێشی بکاتە سەر باشوری کوردستان و، ئەزموونە سیاسی و ئیداریەکەی لەبارببات، کە پێناسە دەستوریەکەی ( هەرێمی کوردستانی عێراقە ).

**نیشتمان پەروەران ...**

لەم روانگەیەوە ئێمە لەخەباتی مەدەنیانەی خۆمان بەردەوام دەبین ، بۆ وروژاندنی رای گشتی شەقامی کوردی و رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان، ئەگەرسوپای تورکیاش بەکارهێنانی هێزی سەربازی پێ دواچارەسەر بێت ، ئەوا بۆبەرگریکردن لە کەرامەتی نەتەوەیی و ئەزموونی سیاسی و حوکمداری کوردستان و رێزگرتن لە دەریایەك خوێنی شەهیدانمان ، دژ بەهەر دەستێوەردانێك ، گیان بەخشین بۆ گەل و وڵات بە سەرەتایترین ئەرکی خۆمان دەزانین ، ئێمە لە رێکخستنەکانی ( ی.ق.ك )ە وە، کە زێتر لە دووسەد هەزار قوتابی کچ و کوڕی باشوری ووڵات پێك هاتووە ، پاڵپشتی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کوردستان دەکەین و پێشمەرگە ئاسا هاوشانی گوتاری سەرکردایەتی کورد خەبات دەکەین.

**بەڕێزان .....**

ئێمە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە ، هەڕەشەو فشارە نالۆژیکیەکانی تورکیا ئیدانە دەکەین و بەپێی هەموو پرەنسیپە سیاسی و دەستورییەکان پێمان وایە تورکیا ناتوانێت کوردستان بکاتە گۆڕەپانی یەکلایکردنەوەی ململانێ ناوخۆیەکانی خۆی ! باشترین رێگەش بۆچارەسەری دۆزی کورد گفتوگۆو دانوستانی راستەوخۆی دەسەڵاتدارانی تورکە لەگەڵ سەرکردایەتی کوردا، چونکە هەردوولا خاوەن سنورو بەرژەوەندی هاوبەشین و رێزگرتن لەسەروەری هەردولا سەرەتایەکی نوێ بۆ ستراتیژێکی درێژخایەن دادەڕێژێت ، تاکە رێگەش بۆ گەیشتنی تورکیا بەئاشتی لەناو خودی وڵاتەکەیدا ، هێزی دیپلۆماسیەتە نەك هێزی سەربازی،

سەربەرزی بۆ شەهیدان کە بەخوێن و خەباتیان کوردستانیان ئازاد کرد .

**بژی کوردستان ...**

**بەڵێ بۆ دۆستایەتی گەلی کوردو تورك...**

**نابۆ دەستێوەردان...**

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان**

**هەولێری پایتەخت**

2007/10/16